مەهاباد قەرەداغی

# لە پەرلەمانی کوردستان دا
# کێ نوێنەرایەتی کەمئەندامان دەکات؟

کەمبوونی یەکێک لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، ئیدی زگماکی بێت یان بەهۆی ڕووداو یان کارەساتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە و یان هەر هۆکارێکی تر، وا دەکات بەربەست بۆ چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی دروست ببێت و، کۆمەڵێک پێویستی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە بە پێی جۆر و ڕێژەی کەمی ئەندامە دیاریکراوەکەی لەشی.

شەهیدانی کوردستان سەروەرن چونکە نەک هەر ئەندامێک هەموو ئەندامەکانی جەستەیان و ڕۆحی خۆشیان بە کوردستان بەخشی. وەک بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی و ویژدانی خۆمان بەرامبەر بەوان، ناتوانین لە بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا لە یادیان بکەین و وەکو نەریتێکی جوان، خولەکێک بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ئەوان، بە پێوە ڕادەوەستین.

بەڵام هەم وەک بەرپرسیارێتییەکی ویژدانیش و هەمیش وەک پرنسیپێکی مرۆڤانەی گەردوونی، پێویستە کەمئەندامەکانی کوردستان، هەم ئەوانەی کە بە هۆی سیاسییەوە ئەندامیان لەدەست داوە و سوتەمەنی شۆڕشەکانی کورد بوون، هەمیش ئەوانەی کە بە زگماک یان هۆی دیکە ئەندامیان لەدەست داوە، لەبیر نەکرێن و لە ناوەندەکانی بڕیاردا دەنگ و داواکانیان بگاتە جێ.

هێندەی من سەرنجم دا و زۆر بە وردیش سەرنجم دا، کەمئەندام نوێنەری خۆی لە پەرلەمانی نوێی کوردستاندا نەبوو. ئەی کێ داواکانی ئەوان بگەیەنێتە جێ، کام تەواوئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێ لە خەم و ئەندێشەی ئەوانەوە داخوازییەکانیان بەرجەستە بکات؟

هەق بوو هەر یەک لە حیزبەکانی کوردستان یەکێک لەو پێشمەرگانەی خۆی کە ئەندامێکی کردووەتە قوربانی بۆ کوردستان ئەو مافەی پێ ڕەوا ببینێت نوێنەرایەتی کەمئەندامانی کوردستانی پێ بکات.

هیچ جیاوازییەک لە نێوان مافی کەسێکی تەواوئەندام و کەسێکی کەمئەندامدا نییە، بەڵام لە پێویستییەکانیاندا جیاوازی هەیە و دەبێت ڕەچاو بکرێت. ئەگەر کەمئەندام خۆی

نوێنەرایەتی خۆی نەکات، ڕەنگبێ پێویستییەکانی ئەو بە بیری کەسێکی تردا نەیەت تا بۆی بکات بە داخوازی و بە پێشنیار و بە بڕیار.

نموونەیەکی هەرە سادە، گریمان یەکێک لە کەمئەندامانی سەر گالیسکە ئەندامی پەرلەمانی نوێ بووایە و وەک ئەوانی تر بیویستایە بچێتە بەر ئەو مینبەرە و سوێندەکەی بخوات، چۆن دەگەیشتە ئەو مینبەرەی کە لەسەر شانۆیەکە و "تەنها پلیکانە" هەیە بۆ گەیشتنە سەر شانۆکە. هەموو مینبەر و شانۆکانی وڵاتی ئێمە بە شێوەیەک دروستکراوە کە تەنها قاچساخێک بتوانێ بیگاتێ، نەک کەمئەندامێکی سەرگالیسکە! ئەگەر لە پەرلەمانی پێشوودا یەک لەوان نوێنەرایەتی کردبان، دڵنیام داوای دەکرد لە کاتی دروستکردنی خانوویەکی دووقات با بیر لە سەرکەوتنی گالیسکەیەکیش بکرێتەوە، بە هەمان شێوە لە کاتی دروستکردنی شانۆیەک جگە لە پلیکانە، ڕێچکەیەکی لێژ بۆ گالیسکە دروست بکرێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەماکانی مرۆڤایەتی بنیات دەنرێت و پێویستە مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵ لەبەرچاوگیراو بێت. ئەوانەی یەکێک لە ئەندامەکانی لەشیان، یان یەکێک لە هەستەکانیان لەدەست داوە، با مافەکانیشیان لە دەست نەچێت. ئێمە کە ئێستا لە سەروبەندی بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێی کوردستانین، کە خوازیارین مەدەنی بێت، با لەسەر ئەو بناغەیە بنیاتی بنێین.

من پێشنیار دەکەم کە ئەگەر ئەمجارەش ئەم دەرفەتەیان لە کیس درا ، با لە خوولی سێیەم لە بیر نەکرێن و بهێنرێنە نێو هاوکێشەکانەوە. بۆ ئێستاش قەرەبووی ئەو مافە لەدەستچووەیان بۆ بکرێتەوە ،بۆ ئەوەش پێشنیار دەکەم لیژنەکانی پەرلەمان، بە تایبەت لیژنەی گەنجان و ئافرەتان لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، بە تایبەتی یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان کە هەزاران ئەندامیان هەیە.

2005/06/06

ستۆکهۆڵم